# سیمای گوڵێك ...!!

سەروەر ــــــ خەزان

ئاسمان ساباتی گوڵێکەو ،

هێماکانی بوون شیکار دەکات ...

نەبوون وەسێتی غروورێکە ،

لەدوای مناجاتی شەوان

قامەتی حزوری عەشق دەکات ،

تارِیازیاتی تەسەوف بنوسێ و ،

خەیاڵی سۆفیەکان ئاسوودەبکات ...

مانگ لەنزای عەدەم رِزگاربکات و ،

تەوافی ئاونگی بەیان ئەزبەربکات ...

ئای سروتەکانی ئەستێرە ،

لەپارِانەوەی خۆر ...

ئەو کەناری دەریایەت لەکوێ بوو ؟

کەگوێت لەپارِانەوەی ئەوعارفانە نەبوو

خەونەکانیان لەدنیای فانی دا

بەدەست هەستەکانی بوونەوە ئازاریان دەچەشت ...

ئای رِوحی مەئویستی کۆترەکان

بێزارمەبن لەهەناسەکانی عەشق ،

تاپەیامەکانیان بگەیەننە

عەرشی مەئوای خەون ...

ئەفسوس و ... جەخار ،

نەمانتوانی نەبوون لێوان ... لێوبکەین ...

لەهەناسەکانی بوون و،

زەنوێرەکان پرِبکەین ،

لەپەروانەکانی عەشق ...

چ قەدەرێکە عەدەم ماڵێك بێت لەبوون و ،

پێناسەی باخچەکانی حەقیقەت

باخەوانە جەلادەکانی ژوان بیکەن ...

حەقیقەتی دەریاو کەنار،

بەکەشتیوانە ناشیەکانی ژیان بدەین و،

شیکاری فەنابوون و خنکانی ماسی ،

بەهەناسەکانی نەبوون بکەین ...

تەقوای گەیشتن بەسەراب بکەین و،

گویٚ بەزەنگی لیٚدانی دلٚ نەدەین ...

ئای قەدەری حەقیقەت ..

ئەم دۆڕانە ئەزەلیەت لەکویٚ بوو ؟

کەتۆ سیٚبەری دوای تارماییەکانت نەناسی بوو ،

وویٚنە وەهمیەکانی بوونت ئەزبەر نەکردبوو ..

ئاشنانەبوویت بەخەونەکانی عەشق ..

ئاشنانەبوویت بەتوڕەبوونی ڕەشەباو ،

شەپۆلەسەرشیٚتەکانی دەریا ..

دەست لەبەعەدەمکردنی کەناریەکان هەڵگرە ..

زامی زەوی وشکەڵانی بوون ،

بەخەندەکانی گوڵ پاراو بکە ...

تاژیلەمۆکانی خەون ،

لەئاستانەی بوون دا بژیٚتەوە ...

ئای سەرزەمینی سەراب و نامۆبوون ،

لەتوڕەبوونی ئەو زاهیدانە بیٚزار مەبە ..

کەتادواساتەکانی عەشق

کەشفی زوڵمەتی هەناسەیان کردوو ،

نەزری بوونیان دەکرد ، لەنەبوون دا و،

لەو سەریشەوە یاخی بوون ،

لەباخی * ئیرەم ...

ئای تەقوای دلٚ ،

پیٚناسەکانی بوون ، بەکام کانی ژیان بکەین ..

کەعەشق نابیٚتە ساباتی گوڵ و،

هەناسەکان بەمەئویستی دێت و ،

ماتماتیکی هەورمان بۆنانوسرێ ...

تاژیان لەفەنابوون ڕزگاری بێت و،

خەونی باران بنوسینەوە و ...

یەکەمین ژوانی عەشق

بەماچ کەناریەکان بسپێرین و،

هەناسەکانی ئاوێزان بوون

کۆتایی سەراب و قەدەربێت و،

فەلسەفەی نەبوون لەبوون دا هەڵوەشێنینەوە ...

* ئیرەم : ناوی یەکێکە لەباخەکانی بەهەشت ، بەپێی ئەفسانە ئایینیەکان

2007/4/6